وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارەیەك بۆیاری بۆ مانگی رەمەزان دەركرد

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارەیەك بۆیاری بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە دەركرد و یەكك لە بۆیارەكانیش، نابێت بەئاشكرا هاوڵاتیان خواردن و خواردنەوە بخۆن.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەپەیامكدا بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە بڵاویكردۆتەوە، بە پشتبەستن بە ئەركە دەستووری و یاساییەكان بۆ پاراستنی نەزمی گشتی و پاراستنی ئاشتی كۆمەڵایەتی، وەزارەتی ناوخۆ داوا لە هەموو هاووڵاتیان دەكات كە ڕێز لە پیرۆزی ئەم مانگە پیرۆزە بگرن و تایبەتمەندییەكانی بپارێزن و پابەندبن بەو ڕێسایانەی كە ڕەنگدانەوەی پیرۆزی مانگەكە نیشان دەدەن.

ئاماژەی بەوەشكردوە، بەهەمو شێوەیەك قەدەغەیە بەئاشكرا لەمانگی رەمەزاندا خواردن و خواردنەوە بخورێت، چونكە ئەمە هەستی ئەو كەسانە توڕە دەكات كە بەڕۆژوون و پێشڵكردنی پیرۆزی ئەم مانگە پیرۆزە، ئەم قەدەغەكردنەش بەبێ جیاوازی هەموو كەسك دەگرێتەوە، جا هاوڵاتی بێت یان كەسانی بیانی، وەك دووپاتكردنەوەی بنەمای ڕێزگرتنی یەكتر لەنێوان هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگادا.

باسی لەوەشکردوە، "فرۆشتن و دابەشکردنی خواردنەوە کحولیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە لە مانگی پیرۆزدا قەدەغەیە، سەرجەم شوێنەکانی خواردنەوە کحولیەکان بە داخراوی دەمێننەوە، سەرەڕای ئەوەش، چێشتخانە و کافە و قاوەخانە و یانە کۆمەڵایەتییەکان لە هەتڵەکان و ئەو شوێنانەی خواردن و خواردنەوە پێشکەش دەکەن لە کاتی مانگی رەمەزاندا دادەخرێن، جگە لەوانەی کە بە فەرمی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ڕێگەپێدراون، ئەم شوێنانەشی کە ڕێگەیان پێدراون پێویستە لە دوای بانگی مەغریب تا نوێژی بەیانی کاربکەن.

وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، دەزگاکانی حکومەت و حکومەتە خۆجێیەکان لە سەرجەم پارێزگاکان بە دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی دروست و دادپەروەرانەی ئەم ڕێکارانە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق باسی لەوەشکردوە، سەرپێچیکردن لە بڕگەکانی ئەم بڕیارانە، تاوانباران دەکاتە بەردەم ڕێکاری یاسایی بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوە بەپێی مادەی 1ی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (20)ی ساڵی 2016 و بەپێی مادەکانی (2) و (3)ی هەمان یاسا، سەبارەت بە کرێکارانی بیانیش لە عێراق، هەر سەرپێچییەك ئەنجامبدەن لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت و لەنگەڕ ڕێگری لە کارکردن بکرێت یان دیپۆرتی وڵاتەکانیان بکرێنەوە.